هەموو نەوەی ئادەمێک هەڵە وگوناهکارە، وباشترین وخێرترین گوناهکارەکان ئەوانەن کە تەوبە دەکەن

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «»هەموو نەوەی ئادەمێک هەڵە وگوناهکارە، وباشترین وخێرترین گوناهکارەکان ئەوانەن کە تەوبە دەکەن.

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

هیچ مرۆڤێک دوور نییە لە تاوانکردن، چونکە مرۆڤ لە سەر لاوازی دروستکراوە بەوەی کە بە زۆری ملکەچ نابن بۆ فەرمانەکانی پەروەردگاریان وخۆیان لا نادەن لە نەهی لێکراوەکان، بۆیە خوای گەورە دەرگای تەوبە کردنی بەردەوام کراوەیە بۆ تەوبەکاران، وبۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: باشترین تاوانکاران وهەڵەکاران ئەوانەن کە زۆر تەوبە دەکەن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5344